سپۆرت

ئەلف بێی وەرزش

ئەرکان محەمەد رەشید

وەرزش دیاردەیەکی جیهانی یەو ڕۆژ بەڕۆژ گرنگی وبایەخی زیاتری پێدەدرێت، وە لەگەڵ ئەوەشدا وەرزش کردنیش بووە بە ئارەزوویەکی سەرەکی بەشێکی زۆری دانیشتوانی سەر زەوی بەجۆرێك کەئەمڕۆ لەجیهاندا بووە بەجۆرێك لە جۆرەکانی بازرگانی ئازاد، ئەوەی گرنگە ئێمە لێردا باسی بکەین ناسینی وەرزشە ودەرخستنی لایەنە باشەکانی وەرزشە وەشارەزا بوونە لەوەرزش ئەگەر بێت و لە سەرەتاوە دەست پێ بکەین، وتەیەك هەیە دەڵێت: (وەرزش – لێبووردنە – ڕێزگرتنە – خۆشەویستییە) کە بەڕاستی ئەگەر بێت ووەرزش ئەم بنەمایانەی تێدا نەبێت ئەوا وەرزشێکی کرچ وکاڵ وناتەواو دەبێت ولەگەڵ ئەمانەشدا وتەیەکی ترهەیە دەڵێت (ڕەوشت بەرزی پێش هەموو شتێك)کە بێگومان بوونی دیاردەی ڕەوشت بەرزی لە وەرزشکاردا یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکان ونەبوونیشی تام وچێژی وەرزش ناهێڵێت ، یەکێکی تریش لەدیاردە جوانەکانی دنیای وەرزش برایەتی وتەبایی یەکەبوونیشی پێویستییەکی بەردەوامە وئەگەر برایەتی وتەبایی لەنێوان وەرزشکاراندا نەبێت دیسان وەرزش ناتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت، ئەوەی باسمان کرد باسکردنێکی گشتییە و بۆ ئەمڕۆی ئێمەش پێویستە وەرزشکرانیش پێش ئەوەی بچنە نێو یاریگا دەبێت بە ماناو بەتەواوی تێگەیشتنەوە خۆیان ئامادەبکەن، هەر یەك لەئێمە ڕۆژانە ولە نێو یاریگاکانەوە چەندین هەواڵ ویدیاردەی ناخۆش دەبینین کە بوونەتە مایەی بێزاری ناوەندە وەرزشییەکان وئەگەر ئەو دیاردانە ئاستێکی بۆدیاری نەکرێن ئەوا وەرزش بەگشتی وتۆپی پێ بەتایبەتی تووشی دارمانێکی نائاسایی دەبێت وڕەنج وبەرهەمی چەندین ساڵەی بەهەدەر دەچێت .

دیاردەکانی نێو یاریگاکانی ئێمە ئەگەر چی زۆر دیاردەی زەق وناشرین نین بەڵام نووسینی بابەتێك لەسەر ئەو دیاردەیە ئاگادارکردنەوەی ناوەندەکانی وەرزشییە بەوەی کەبتوانن بەربەستێك بۆ ئەو دیاردە خراپانە دابنێن، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە وەرزشکاران چیتر لەسەر ئەو بەرنامە کۆنە نەڕۆن بەوەی کە وەرزش تەنها بردنەوەو دۆڕاندنە بەڵکو پێویستە پێش وەخت ئەلف بێی وەرزش فێربن کەئەویش ڕێزگرتن لەبەرامبەر، خۆشەویستی ولێبوردنە لەگەڵ بنەماسەرەکییەکەی وەرزش کەڕەوشت بەرزییە .

★ سەرنووسەری ڕۆژنامەی گەرمیانی وەرزشی

تیری هینری لە یانەی ئەرسنال دەمێنێتەوە

دێفید دین جێگری سەرۆکی یانەی ئەرسنال رایگەیاند کە دڵنیایە یاریزان تیری هینری لە یانەی ئەرسنال دەمێنێتەوە تائەو ڕۆژەی بەیەکجار واز لە یاریکردن دەهێنێت.لە لێدوانێك دا بۆ ڕادیۆی بی بی سی دێفید دین گوتی: دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ هینری بەم نزیکانە دەکەینەوە و هیوادارم بتوانین قەناعەتی پێبکەین بۆئەوەی بمێنێتەوە لە یانەی ئەرسنال. هینری دەبێت تادوو ساڵی ترلە گەڵ یانەی ئەرسنالبمێنێتەوە و دەتوانی مووچەی ئەودووساڵە بداتە یانەی ئەرسنال ئەگەر بیەوێت بچێتە یانەیەکی دیکە.شایانی باسە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ڕایانگەیاند کە پەیوەندیی لە نێوان هینری و بەرشلۆنە لەئارادایە بۆ ئەوەی لە هاوینی داهاتوو هینری بچێتە یانەی بەرشلونە.

نەژاد فەرهاد ئەسعەد

بۆیانەی ئۆدێنسی ئیتاڵیا یاری دەکات

ئەنوەر خەراجیانی

Nazad, 17: "Zlatan har visat vägen – han är min

MALMÖ. Ännu en super-talang till Italien.
Nazad Asaad, 17, är klar för Champions League-klubben Udinese.
Han kommer från en in-vandrarstadsdel i Malmö.
– Zlatan är min förebild. Han gick sin egen väg och klarade alla motgångar som ungdomsspelare.
I dag lämnar Nazad Asaad pojkrummet i Holma i Malmö.
Han flyger till Italien och skriver på ett så kallat options-kontrakt på 2+3 år.
Nazad Asaad blir ungdoms-profil i Udinese Primaveralag.
– Jag har satt upp ett person-ligt mål: Inom tre år ska jag ha debuterat i serie A.

MALMÖ

Hans Linné

Visade sin snabbhet

Nazad är en explosiv yttermittfältare som kan dribbla, rycka och slå farliga inlägg.
Hans stora egenskap är snabbheten.
I maj provtränade

Talanger som flyttat och vill bli

Zlatan Muslimovic, 23, Udinese. Kom från
för tre år sedan.
Henok Goitom, 20, Udinese. Kom från Va
Nu utlånad till spanska division 1-klubbe
Goran Slavkovski, 16, inter. Invandrarsk

بێچوە شێرەکەی قەڵاو مناڕە. لاوی کورد هیچ کاتێك کەمتر نین لە لاوانی جیهانی بەڵام بەداخەوە ڕاهێنەرو بەرپرسەکانی کوردستان کەمتر لە ڕاهێنەرو بەرپرسانی ئەورووپی

تاوەکو ئێستا نە بستراوە لاوێکی کورد لە کوردستاندا بگاتە ئاستی یانەی ئەورووپی یان یانەیەکی ئەورووپی بتوانێت بیکرێن بە پارەیەکی باش ئەم جارە چاوپێکەوتن وبەسەرکردنەوەی لاوێکی کوردی تازە پێگەشتو لە وولاتی سوید ، ئەم لاوە یەکێکە لە یاری زانە باشەکانی باشوری سوید .

زۆر جار میدیای سویدی لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا زۆر بە تێرو تەسەل باسیان کردوە کەوا

یەکێکە لە یاری زانە باشەکانی تەمەنی خۆی.هەر بۆیە کوتوپڕ بڵاوکرایەوە کەوا لاوێکی تەمەن ١٧ ساڵ کراوە بۆ باشترین یانەی ئیتاڵیا ئەویش یانەی(ئۆدێنسێ یە) کە زۆربەی ساڵ بەشداری دەکات لە خولی (دەورەی شامپیون ی پلە نایابەکانی گشت ئەورووپا)یاری زانی بەناو بانگ نەژاد فەرهاد ئەسعەد لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری هەولێر لە گەڕەکیخانەقا لە دایك بووە ، لە تەمەنی ٤ ساڵیدا شارو کوردستانی بەجێهێشت ڕووی کردە هەندەران لە وولاتی سوید نشتەجێ بوولە شاری(ترولەتان) نەژاد هەر لە منداڵیەوە زیرەك و بەهرەدار بووە عەشقی تۆپی پێ بووە ، لە تەمەنی ٧ ساڵیدا چۆتە هەمان یانەی شارەکەی ، پاش گواستنەوەی خێزانەکەی بۆ شاری مالۆ یەکسەر پەیوەندی کرد بە باشترین یانەی شارەکە کە ئەویش یانەی مالۆ ئێف ئێف بوو.نەژاد لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا بڕوانامەی وەرگرتووە باشترین تەکنیك کەر بووە لە باشووری سوید کە لە یاریگای نێودەوڵەتی شاری مالۆ ئەنجام درا کە وا زیاتر لە کاتژمێر تۆپ بە قاچ و سەری نەی خاتەوە .

نەژاد ناز ناوی(دی دی) یە لای هاورێکانی، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا هەڵبژاردەی باشوری سوید بوو لە تەمەنی ١٦ ساڵدا بوو بە هەڵبژاردەی سەران سەری سوید لە تەمەنی خۆیدا چەندین یاری نێو دەوڵەتی کردووە لە گەڵ هەڵبژاردەی هۆڵەندا و ئەڵمانیا و ئینگلتڕا وپۆڵۆنیا و فەرەنسا .... هید .

چەندین یانەی ئەوروپا حەزیان دەکرد کەوا یاریان بۆ بکات بەڵام خۆی بڕیاری نەدا کەوا یاریان بۆ بکات تا دوا جار یانەی ئۆدێنسی ئیتاڵیا هاتن بەشوێنیدا و پرۆژۆکۆڵ (عەقد)

نوسرا لە نیوانیاندا بۆ ماوەی دوو ساڵ یاری دەکات بۆ یانەی ئۆدێنسی . کاتێك ڕۆژنامەکان بەئاشکرا بڵاویان کردەوە یەکسەر تەلەفیزونی کەنالی ٤ ی سوید کەشتەلای و چاوپێکەوتنیان لە گەڵ ساز دا تاوەکو سواری فڕۆکەکەش بوو کەنالی تەلەفیزونی لە گەڵدا بوو

یاریزان نەبەرد ئەحمەد:
وەرزش هەر تەنها حەزنیە بەڵکو پێویستی بەهەوڵدان ومتمانەیە.

یاریزانان و وەرزشکارانی دەفەری گەرمیان ڕۆژانەو بەبەردەوامی لەهەوڵ وکۆشش دان بۆ زیاتر خزمەتکردنی بواری وەرزش و ئەگەر چی بەڵای هەندیچك لە خەلچکییەوە وایە کە تەنها گرنگی بەوەرزشی تۆپی پێ دەدرێت بەڵام بە چاوپێچکەوتن لە گەڵ وەرزشکارانی یاریەیە جۆراو جۆرەکانی تری وەکو بالە وباسکەو تۆپی سەرمێز و.....هتد ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەگەرمیاندا جۆرەکانی تری وەرزشیش گرنگی وبایەخی تایبەتی خۆی هەیە و.

نەبەرد ئەحمەد یەکێکە لەوەرزشکارە لاوەکانی یاری بالەو لەم چەند ساڵەی دووایىدا لەگەڵ هاورێکانی دا توانی چەندین ئەنجامی گرنگ بەدەست بهێنن .نەبەرد لەدایك بووی ساڵی ١٩٨٦ ی شاری کەلارەو وەرزشکارێکی هەڵکەوتووی بوار ی یاریەکەی خۆیەتی ئەگەر چی هەرلەمندالیەوە یاری بالەی نەکردووە و تەنها لەساڵی ٢٠٠٢ەوە دەستی بەیاری یاری بالە کردووە سەبارەت بەوەی کێ هاندەری بووە بەڕێزی ووتی ماڵەوەمان وپاشان هەریەك لەبەڕێزان مامۆستا ڕیاز ومامۆستا ئیبراهیم وکاك عەلی تەها و نەهرۆو عەدنان زەیدان هاوکاری سەرەکیم بوون .

سەبارەت بەبوونی مەرجەکانی یاریزانی باش ووتی:یاریزانی باش ئەبێت پێشتر بەهەرەی ئەو بواردی تێدابێت کە هەڵیدەبژێرێت وە ووتیشی ٨٠٪ی ئەوباشی یە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕاهێنەری بەتوانای یاریەیەکە جگەلەوەش پێویستی بە ڕەوشت بەرزیو دڵفراوانی و لێهاتوویی جەستەیی یەوەهەیە .

وەهەروەها دەربارەی ئەوەی ئایا ئاستی یاری بالە چۆن دەبینیت لە گەرمیاندا بەڕێزی ووتی پێشتر باش نەبووە بەڵام نێستا باشترە وبەرەو باشی دەچێت وپێویستی بەهاوکاری مادی ومەعنەوی هەیە وە دەربارەوی ئەوەی ئایا تائێستا وەکو تیپ ئەنجامی باشیان زۆرە و تازەش نین بەڵام داواکاریم ئەوەیە گرنگی تایبەت بەیاری بالە بدرێت چونکە یاریزانیباشمان هەیە و کەم وکورتیمان زۆرە لەڕووی هاوکاریەوە وەلەکۆتایی دا ووتی وەرزش هەر تەنها حەز

هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان بەرەو کۆریای باشوور بەڕێکەوت

بۆ سازدانی گەشتێك و دوو یاریی دۆستانە هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان بەرەو ولاتی کۆریای باشوور بەڕێکەوت . ڕۆژی ٣٠/ ٩ / ٢٠٠٥ لەسەر داوەتی فەرمی وەزیری بەرگری کۆریای باشوور، هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان بەرەو ولاتی کۆریای باشوور بەڕێکەوت، ئەمەش لە مێزووی گەلی کوردا، یەکەم جارە تیپێك بە ناوی هەڵبژاردەی کوردستان بە فەرمی لەلایەن ولاتێکی بیانیەوە بانگهێشت بکرێت و لەوێش یاریی دۆستانە ئەنجام بدات.لە مەراسیمی بەڕێ خستنیان بەڕێز سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان(ئیدارەی هەولێر) ئامادەبوو، کە هیوای گەشتێکی خۆش و بەسوودی بۆ خواستن. شاندی هەڵبژاردەی کوردستان لە تۆپی پێ بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لەو ولاتە دەمێننەوە و لەوێدا دوو یاریی دۆستانە ئەنجام دەدەن.شاندەکە بە سەرۆکایەتی د. ئالان قادر و بە ئەندامیەتی تاریق عەبدولڕەحمانە، ئەمە جگە لە یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران و ڕۆژنامەنووس و وێنەگری تەلەفزیۆن، کە تەواوی شاندەکە ژمارەیان ٢٩ کەسە.

باسکەی یانەی شیروانە بەشداری لە خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان دەکات

نا / زەردەشت

ئەمڕۆ ٢٠٠٥/١٠/١ کاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆ، لەگۆڕەپانی سەنتەری گەنجانی سلێمانی تیپی باسکەی خوارتەمەنی ٢٥ ساڵی یانەی شیروانە یەکەم یاری خۆی لەگەڵ تیپی یانەی جەلەولا ساز دەکات، بۆ ئەم مەبەستەو لەڕۆژانی ڕابردوودا یاریزانان و سەرپەرشتیارانی تێپەکە لە هەوڵی خۆ سازدان بوون بۆ ئەم یاریەو یاریکانی دواتر .

شیروانەو سیروانی نوێ یەکسان بوون

ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٣٠ لەیاریگای خۆی یانەی وەرزشی شیروانە لە چوارچێوەی خولی نایابی کوردستان میواندای یانەی سیروانی نوێی کردو لەیارییەکی بەهێزدا هەردوو یانە بەیەك گۆڵ بەرامبەر یەکسان بوون، گۆڵی یانەی شیروانە سەلام عەزیز کردی و بۆ یانەی سیروانی نوێش هۆشمەند جەلال گۆڵی کرد، ئەم یارییە لەلایەن ناوبژیوانان نەوزاد سالح ونەوزاد شەفیق وئاسۆ عەلی یەوە بەڕێوەبرا .

درۆگبا سی دی یەکی گۆرانی دەردەکات

گۆرانی بێژی فەرەنسی (دۆك گینیکۆ) ڕایگەیاند کە بەنیازە ئەلبومێکی گۆرانی دەربکات کە یاریزانی هەڵبژاردەی دورگەی ئایڤەرۆ و یانەی چێلسی (دیدیا درۆگبا) ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەبینێت .

هەروەها گۆرانی بێژی ناوبراو ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هەردوو یاریزانی فەرەنسی (ڕۆبەرت پیرێس) ی یانەی ئەرسنال و (نیکۆڵاس ئەنێلکا) ی یانەی فەنەرباخچەش کار لەو سی دییەدا دەکەن .

پکنپاوەر سەردانی ئاسیا دەکات

لیژنەی ڕێکخەری کۆتایی جامی جیهانی کە وابڕیارە لە٩ مانگی یونیۆ بو ٩یولیوی ساڵی داهاتوو لە ئەڵمانیا ئەنجام بدرێت، ڕایگەیاند سەرۆکی لیژنەکە فرانز پکنپاوەر بە نیازە ئەم یەکشەمەیە گەشتێك بکات بۆ ئەو ولاتانەی ئاسیا کەبەشدار دەبن لە موندیالی ٢٠٠٦.قەیسەری تۆپی پێی ئەڵمانیا بەنیازە لەم گەشتەیدا سەردانی ئیران وسعودیەوکۆریای باشور وژاپۆن بکات.

پکنپاوەر کە لە یازدەی مانگی ڕابردوو شەستەمین چەژنی لەدایك بوونی خۆی ئەنجامدا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنووسان ووتی:"پێم باشبووخۆم ڕاستەوخۆ داوەتی ولاتە بەشداربووەکان بکەم بۆ بەشداریکردن لەو مۆندیالە، وچۆنێتی ڕێکخستن وخۆ ئامادەکردنەکەیان بۆ شیکەمەوە وباسی ئەوپاریگایانەیان بۆ بکەم کەیاریەکانی تێدا دەکرێت وگوێ لە داخوازییەکانی ئەوانیش بگرم.

هاشمیان نایەوێت سەردانی ئیسرائیل بکات

جارێکی تر یاریزانانی ئێران سیاسەتسان تێکەڵ بە وەرزش کرد لەم بارەوە یاریزانی بەناوبانگی ئێران وەحید هاشمیان کە ئێستا لەیانەی بایەرمیونخی ئەڵمانی یاریدەکات بڕیاریدا لەگەڵ یانەکەدا نەچێت بۆ ئیسرائیل بەشداری ئەو یاریە نەکات کە لەنێوان یانەی ماکابی تەلئەبیب وبایەرمیونخ دەکرێت لەچوارچێوەی خولی پاڵەوانی یانەکانی ئۆروپا .

وەحید هاشمیان هۆکاری ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵوێستی ئیسرائیلییەکان لەبەرامبەر فەلەستینییەکان، شایانی باسە پێشتریش ئارشمی میر ئیسماعیلی پاڵەوانی جۆدۆی ئێرانی هەڵوێستێکی هاوشێوەی نواند، بەشداری لە پاڵەوانێتی جۆدۆی جیهانی نەکرد کە لەئیسرائیل سازدرا .